## کێشەی دیموکراسی

## له مشتومڕی نێوان شورای نیگەهبانی ئێران و ریفۆرمخوازانی کورددا

# ٣٠ پاڵێوراوی ریفۆرمخوازی کورد رەت کرانەوه

شەهرام عەبدوڵڵا

رەتکردنەوەی بەرفراوانی پاڵێوراوانی رەوتی ریفۆرمخوازی ئێران به مەبەستی رێگرتن له بەشداریکردنیان له هەڵبژاردنەکانی خولی هەشتەمی پەرلەمان لەلایەن (شورای نیگەهبان) ئەنجومەنی پاراستنی ئێرانەوە، نارەزایەتیی و ناکۆکییەکی زۆری لەنێوان باڵی ریفۆرمخوازو محافزکاردا لێکەوتووەتەوەو بووەته هۆی بردنه ژێر پرسیاری رەوایەتی ئەنجومەنی پاراستن، بەوەی که ئەو ئەنجومەنه کەوتووەته ژێر کاریگەری باڵی محافزکارو به شێوەیەکی نایاسایی هەوڵ بۆ خستنه پەراوێزی باڵی ریفۆرمخواز دەدات له شانۆی هەڵبژاردنەکانی خولی هەشتەمی پەرلەماندا. بەپێی ئاماری ریفۆرمخوازان له ئەنجامی پێداچوونەوەی ئەنجومەنی پاراستندا ٣٠٠٠ پاڵێوراوی ریفۆرمخواز له سەرجەم شارەکانی ئێراندا رەت کراونەتەوه که ٣٠ کەس لەوانه ریفۆرمخوازی کوردن و وەک پاڵێوراوی ناوچه کوردنشینەکان خۆیان ناونووس کردووە، پاڵیوراوانی ریفۆرمخوازی کورد که زۆرتر به تۆمەتی پەیوەست نەبوون به دەستوری بنەڕەتی ئێران و وەفادار نەبوون به کۆماری ئیسلامیی و لایەنگیریی کردنی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری خۆرهەڵاتی کوردستانی رەت کراونەتەوە، له پەیوەندییاندا به رۆژنامه هەڵوێستی ئەنجومەنی پاراستن و لیژنەی جێبەجێکاری هەڵبژاردنەکان ئیدانه دەکەن و هەڵمەتی رەتکردنەوەیان به کردەوەیەکی سیاسیی و پاوانخوازانەی ئەنجومەنی پاراستن له قەڵەم دەدەن و به رێگرتن له پێشکەوتنی رەوتی دیموکراسیخوازی له ئێراندا وەسفی دەکەن.

**مەعروف سەمەدی**، پاڵێوراوی ریفۆرمخوازی شاری مەهاباد، که له خولەکانی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانی ئێراندا، نوێنەری شارەکانی سنەو کامیاران بووە، هەروەها چەندین پۆست و پلەی باڵای حکومی له پێکهاتەی سیاسیی دەرەوەو ناوخۆی کۆماری ئیسلامیدا هەبووە، پێیوایه نەک هەر ئەنجومەنی پاراستن، بەڵکو زۆربەی ئۆرگانه حکومییەکانی دیکەی ئێرانیش کەڵکی ئاوەژوو له یاسا وەردەگرن و هەر رەوتێک له بەرژەوەندی خۆی یاسا پێشێل دەکات، سەمەدی دەربارەی هۆکاری رەتکردنەوەی بەشداریکردنی له هەڵبژاردنەکاندا به رۆژنامەی وت: «لیژنەی جێبەجێکاری هەڵبژاردنەکانی شاری مەهاباد سەرەتا نامەیەکیان بۆ من نووسی و پێیان راگەیاندم که بەپێی برگەی ٣ی مادەی ٢٨ ی یاسای هەڵبژاردن که بریتییه له وەفادار نەبوون به کۆماری ئیسلامیی و دەستووری بنەڕەتی ئێران و ولایەتی فەقیه، بەشداریکردنی من له هەڵبژاردندا رەت کراوەتەوە، من به شێوەی رەسمی بەرامبەر بەوە نارەزاییم دەربڕی و داوام کرد بۆ سەلماندنی تۆمەتەکەیان بەڵگەکانیان بخەنەڕوو، دیارە هیچ بەڵگەیەکیان به دەستەوە نەبوو، بۆیه دیسان به مادەیەکی دیکه واته برگەی ٣ی مادەی ٣٠ که بریتییه له لایەنگیری له حیزبه نایاساییەکان، منیان رەت کردەوە که بۆ ئەمەش تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکیان نەخستووەتەڕوو»، مەعروف سەمەدی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە که هەڵسوکەوتەکانی ئەنجومەنی پاراستن نایاساییه، چونکه دەبێت بەپێی یاسا بۆ رەتکردنەوەی پاڵێوراوەکان بەڵگه بخاتەڕوو، که ئەوە ناکات.

زۆربەی شارەزایانی سیاسی له کاروباری پێکهاتەی حکومی ئێراندا پێیانوایه که ئەنجومەنی پاراستن (شۆرای نیگەهبان) له سەر ئەو پێشنیارە دروستبووە که له سەردەمی مەشروتەداو لەلایەن مەشروعەخوازانەوە هاتە ئاراوە، ئەوان لەو قۆناغەدا داوایان کرد که ٥ کەس له زانایانی ئایینی چاودێری پەسەندکراوەکانی پەرلەمانی نەتەوەیی ئەوکاتی ئێران بکەن، به شێوەیەک که ئەگەر پەسەند کراوەکان به لێکدانەوەی ئەو ٥ کەسه لەگەڵ یاسای ئیسلامدا ناتەبا بوو، بەر بەجێبەجێکردنیان بگیرێت.

**جەلال جەلالیزادە**، پاڵێوراوی ریفۆرمخوازی شاری سنه که له خولی شەشەمی پەرلەماندا نوێنەری ئەو شارە بووەو ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندیی حیزبی موشارەکەتی ئێرانی ئیسلامییە، پێیوایه ئەنجومەنی پاراستن نابێت جگه له چاودێری یاسایی، هیچ دەستوەردانێکی له قازانجی کەس یان لایەنێکی سیاسیی هەبێت، چونکه ئەگەر ئەو ئەنجومەنه کەسانێک دیاری بکات بۆئەوەی خەڵک دەنگیان پێبدەن، ئەوە ئیدی هەڵبژاردن مانایەکی نامێنێت، پاڵێوراوی شاری سنه سەبارەت به هۆکاری رەتکردنەوەی خۆی وتی: «لەو نامەیەدا که لەلایەن ئەنجومەنی پاراستنەوە بۆم هاتووە، نووسراوە به هۆی پڕوپاگەندە له دژی کۆماری ئیسلامیی و دژایەتی کردن لەگەڵ ئەمنی قەومیدا رەت دەکرێمەوە، سەرەڕای ئەمەش نامەیەکی دیکەیان نووسیوە بۆ لیژنەی چاودێری پارێزگای کوردستان که نابێت به هیچ شێوەیەک مافی بەشداری کردنم هەبێت، به بڕوای من ئەوانه هەموو بیانوون، من ئەگەر بەرگریم له مافی خەڵک کردبێت، ئەگەر داوای جێبەجێکردنی یاسام کردبێت، یان ئەگەر بەربەرەکانی نابەرابەریم کردبێت، ئەوانه دژایەتی و پڕوپاگەندە کردن له دژی حکومت نین»، جەلالیزادە پێداگری له سەر ئەوە کرد که هەر هاوڵاتییەکی کورد مافی خۆیەتی وەکو هەموو ئێرانییەک به شێوەی سروشتی کەڵک له ماف و یاساکان وەربگرێت، جا چ له رووی سیاسییەوە بێت یان له هەر روویەکی دیکەوە، ئەو وتی: «بەمشێوەیه دەردەکەوێت له ئێراندا هەرکەس بەرگری لەو جۆرە مافانه بکات، تۆمەتی ئەوتۆی پێوە دەلکێنن و دەیخەنە پەراوێزەوە».

له سەردەمی مەشروتەدا بەهۆی تێکچوونی نێوانی مەشرووتەخوازان و مەشروعەخوازانەوە، پێشنیارەکەی مەشروعەخوزان بۆ پێکهێنانی لیژنەی ٥ کەسی له زانایانی ئاینیی و بۆ چاودێری کردنی پەرلەمان، سەری نەگرت، ئێستا ئاگایانی سیاسیی پێیانوایه لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێرانەوە، کۆماری ئیسلامی ئەو شتەی زیندوو کردووەتەوەو وەک تۆڵەیەک وەسفی دەکەن که ولایەتی فەقیه له مەشروتەخوازانی دەکاتەوە.

**رەشید ئەحمەد رەش**، پاڵێوراوی سەربەخۆی شاری بۆکان نارازییه لەوەی که رێگا به ئەنجومەنی پاراستن دراوە بەپێی لێکدانەوەی خۆی بڕیار له سەر پاڵێوراوان بدات، ئەو پێیوایه رەتکردەنەوەکان هۆکاری سیاسیی له پشتەوەیەو دەڵێت: «من وەکو کەسێکی سەربەخۆ بەشداریم کردووە، بەڵام ریفۆرمخوازان بۆ خۆیان پشتگیریم دەکەن، ئێستا بەپێی مادەی ٢٨ی یاسای هەڵبژاردن رەتیان کردوومەتەوە، که تەعبیر له نەبوونی ئیلتزامی عەمەلی به ئیسلام و باوەڕمەند نەبوون به دەستوورو ویلایەتی فەقیه دەکات، من ئەوە بەڕاست نازانم و وەک تۆمەتێکی دەبینم که بەمەبەست دەیخەنه پاڵم، کاتێک که ئێمه دەڵێین دەمانەوێت له چوارچێوەی یاسادا کار بکەین، واته شێوازەکانی دیکەی خەبات وەکو هەوڵدان بۆ رووخانی حکومەت و شۆڕشمان وەلا ناوە». ئەحمەد رەش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە که ئەنجومەنی پاراستن بەپێی چاودێریی مەرجداری خۆی شتەکان لێکدەداتەوەو دەیەوێت به بەکارهێنانی ئەو شێوازە ریفۆرمخوازان بخاتە پەراوێزەوەو به تەواوەتی رێگا بۆ مەحافزکاران هەموار بکات که دەست بەسەر پەرلەماندا بگرن.

ئەنجومەنی پاراستن (شۆرای نیگەهبان) ئێستا پێکهاتووە له ١٢ کەس که ٦ کەسیان زانای ئایینن و سەرۆکی ئایینیی ئێران دیارییان دەکات، ٦ کەسی دیکەشیان مافناسن، که دەبێت سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری له ناو ئەو مافناسانەی که خۆیان هەڵدەبژێرن چەند کەسێکیان دیاری بکات و بیانناسێنێت به پەرلەمان بۆ ئەوەی که پەسەندیان بکات، بەڵام وەک چاودێرانی سیاسی باسی لێدەکەن، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری که خۆی لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە دیاری دەکرێت، ژمارەیەکی ئەوەندە کەم له مافناسان به پەرلەمان دەناسێنێت که پەرلەمان به ناچاری پەسەندیان دەکات و له ئەنجامدا دەورو کاریگەرییان ئێجگار کەم دەبێت.

**عەزیز مەولودی**، پاڵێوراوی سەربەخۆی شاری مەهاباد که پاش ١٢ ساڵ مامۆستایەتی زانکۆ، لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە وانە وتنەوەو ئامادەبوونی له زانکۆکاندا لێ قەدەغە کراوە، هەڵسوکەوتی ئەنجومەنی پاراستن به شێوەیەک وەسفدەکات که به تەواوەتی رەوایەتی خۆی خستووەتە ژێر پرسیارەوە، مەولودی به رۆژنامەی وت: «من بەپێی برگەی ٣ی مادەی ٣٠ رەت کراومەوە، که به مانای پەیوەندیکردنی رێکخراوەییه بەو حیزبه سیاسیانەی که لەلایەن دادگاکانی ئێرانەوە به حیزبی نایاسایی ناسراون، من له دوو نامەدا پێمڕاگەیاندوون که بۆچوونەکەیان ناڕاستەو پەیوەندیم به هیچ حیزبێکەوە نییە که له چوارچێوەی ئەو یاسایەدا بگونجێت، بەڵام ئەمە بەو مانایەش نییە که من خاوەن پرەنسیپ و بیرو بۆچوونی سیاسی تایبەت نیم»، مەولودی ئەوەشی زیاد کرد که لێکدانەوەی ئەنجومەنی پاراستن له یاسا، لێکدانەوەیەکی شیاو نییەو تەنیا بۆ راونانی ریفۆرمخوازانە له شانۆی هەڵبژاردندا، ئەو ئاماژەی بەوەدا که ئەزموونی پەرلەمانی شەشەم که له زۆرینەی ریفۆرمخوازان پێکهاتبوو، پێشانیدا ئەنجومەنی پاراستن بەرامبەر ئیرادەی پەرلەمان رادەوەستێت و ناهێڵێت ئاڵوگۆڕی سیاسیی و ئابووریی له ئێراندا پێکبێت، چونکه له ئەنجامدا رەوتەکە دەگەڕێنێتەوە سەر هێڵی پاوانخوازی، بۆیه وتی: «ئەگەر ئێستا بەشداریی هەڵبژاردن دەکەم به هۆی ئەوەیه که گشت پرۆسەی هەڵبژاردن وەک مەشقێک دەبینم بۆ دیموکراسی».

شێوازی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستن له ساڵی١٩٨٥دا گۆڕانی بەسەردا هات، پێشتر دەبوایه ئەنجومەنی باڵای دادوەری ٣٠ مافناس به پەرلەمان بناسێنێت، تا لەناو ئەو ٣٠ کەسەدا ٦ کەسەکە هەڵبژێردرێت، بەڵام لەئێستادا سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری بۆ خۆی ئەو کەسانه به پەرلەمان دەناسێنێت، ئەو کەسانەش به هەر سێ ساڵ جارێک ٣ کەسیان دەگۆڕدرێت، بۆ ئەوەی که هەمیشه هەم ئامادەییان هەبێت و هەم له گۆڕانیشدا بن.

**سەڵاح قاسمیانی**، پاڵێوراوی ریفۆرمخوازی سەردەشت و خانێ، پێیوایه که دەبێت تا کاتی دەرچوونی بڕیاری کۆتایی ئەنجومەنی پاراستن، خۆ له لێکدانەوە بۆ هەڵسوکەوتی ئەو ئەنجومەنه بپارێزێت، چونکه دوایین بڕیار له سەر پاڵێوراوەکان له ١ی ئازاری داهاتوودا دەردەچێت، دەربارەی هۆکاری رەتکردنەوەشی قاسمیانی وتی: «منیش بەپێی برگەی ٣ی مادەی ٢٨ رەت کراومەتەوە، که بەڕەسمی نارەزایەتی خۆم دربڕیوەو چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی دەکەم».

هەندێک له چاودێرانی سیاسی پێیانوایه ئەنجومەنی پاراستن تەنها دەزگای سیاسی ئێران نییه که ئەندامەکانی به شێوەی نادیموکراتیک و لەلایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵکو چەندین دەزگای سیاسیی دیکەی وەکو ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان)و دەستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی رژێم (مجمع تشخیص مصلحت نظام)و فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان (فرمانده کل قوا)یش له چەشنی ئەو دەزگایانەن که به رای ئەوان گەورەترین کۆسپن له بەردەم بەرەوپێشچوونی دیموکراتیزەکردنی پێکهاتەی سیاسی ئێراندا.


مەعروف سەمەدی


جەلال جەلالیزادە


عەزیز مەولودی


رەشید ئەحمەد رەش


سەلاح قاسمیانی

**رەشید ئەحمەد رەش:**

**کاتێک که ئێمه دەڵێین دەمانەوێت له چوارچێوەی یاسادا کار بکەین، واته شێوازەکانی دیکەی خەبات وەکو هەوڵدان بۆ رووخانی حکومەت و شۆڕشمان وەلاناوە**

**مەعروف سەمەدی:**

**پێیان راگەیاندم که به کۆماری ئیسلامیی و دەستووری بنەڕەتیی و ویلایەتی فەقیه وەفادار نەبووم، بۆیه رەتکراومەوە**